| Kurdistan parliament -Iraq Kurdistan-hawler | پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کوردستان - هەولێر |
|---|---|
| No: | ژمارە: 2 |
| Date: | بەروار: 2014/5/7 |

ژمارە ٣٦١ بەروار ٢٠١٤/٥/٧

بۆ بەڕێز: سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت : پرۆژە یاسا

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کەلەخوارەوە واژۆمان کردووە، پرۆژە یاسای (بیمەی تەندروستی) پێشکەش دەکەین و داواکارین بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبونەوەی پەرلەمان تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری گونجاوی لەبارەوە بدرێت.

لەگەڵ ڕێزمان دا.

ناوی ئەندامانی پەرلەمان و واژۆکانیان

| ژ | ناوی ئەندامی پەرلەمان | واژۆ |
|---|---|---|
| 1 | هەورامان حمه شریف حمه رشید | |
| 2 | نجیبه لطیف احمد | |
| 3 | فخر الدین قادر عارف | |
| 4 | سوزان عومەر | |
| 5 | شکریه سایل مصطفی | |
| 6 | حسین اسماعیل حسین | |
| 7 | عمر مصطفی باوەیر (شوانه لادزەیی) | |
| 8 | علی حمه صالح | |
| 9 | جوان اسماعیل عزیز | |
| 10 | ئارەمان ئارەیشا | |
| 11 | رزا محمد شاه | |
| 12 | لوئێد حمه عەلی | |
| ژ | ناوی ئەندامی پەرلەمان | واژۆ |

| | | |
|---|---|---|
| | برزان مجيد عبدالله | 13 |
| | پەری صالح سعيد | 14 |
| | منيرة كوسعات | 15 |
| | حمسن [illegible] | 16 |
| | | 17 |
| | | 18 |
| | | 19 |
| | | 20 |
| | | 21 |
| | | 22 |
| | | 23 |
| | | 24 |

# پرۆژە یاسای (بیمەی تەندروستی )لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## ماددەی یەکەم :

هەر ووشە و دەستەواژەیەك کە لەم یاسایە بە دیدەکرێت مەبەستمان ئەم مانایانەی خوارەوەیە :

هەرێم : هەرێمی کوردستان –عێراق

وەزارەت : وەزارەتی تەندروستی .

وەزیر : وەزیری تەندروستی .

ئەنجومەنی سندوق: ئەنجومەنی سندوقی بیمەی تەندروستی.

فەرمانبەر : بریتی یە لەو کەسەی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە یەکێك لە دامەزراوە حکومیەکاندا یان لە کۆمپانیایەکدا بەشیوەیەکی فەرمی دامەزراوە و مانگانە مووچەیەکی دیاری کراو وەردەگرێت .

نەخۆشی کتوپڕ: هەر حالەتێکی نەخۆشی یان ڕووداوی لە ناکاو کە روبەرووی فەرمانبەریك یان هاولاتیایەك دەبیتەوە و پێویست بکات بە پەلە وەربگیرێت لە هەر نەخۆشخانەیەك حکومی بێت یا کەرتی تایبەت یان خێرخوازی بێت ، بە ئامانجی وەرگرتنی چارەسەری خێرا بۆ ڕزگاربوونی لە مەترسی لەسەر ژیانی کەسەکە .

نەخۆشی بەردەوام : ئەونەخۆشیانە دەگرێتەوە کە یەکێك لەهاولاتیان روبەرووی دەبیتەوە وە بۆماوەیکی دریژ خایەن بەونەخۆشیەوە گیرۆدە دەبێت وەتوانای ماددی نیە بۆ بەدەست هێنانی چارەسەر.

چارەسەر : بریتی یە لە هەر خزمەتگوزاریەکی پزیشکی، خۆی لە پشکنینی سەرجێیی(الفحص السريري) و تاقیگەیی و تیشکی و چارەسەری فیزیایی و تایبەتیەکان و نەشتەرگەری بریکاری و لە دایك بوون و پێدانی دەرمان و مانەوە لە نەخۆشخانە و هەر پێداویستیەکە تر بە مەبەستی چارەسەری .